مەسرور بارزانی: پێویستمان بە پشتیوانی سیاسی و ئابوری زیاترە

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، سروشتی هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان گەڕدراون و بروایان وایە پێویستیان بە پشتیوانی زیاتری سوپا و ئابوری و سیاسی دەبێت، چونکە ئەو ئاڵنگاریانەی لە ڕەویستادا هەرێمی کوردستان ڕوبەڕویان دەبێتەوە، زۆر گەورەترە لە سەردەمی جەنگی داعش.

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەڵەفۆنی میدیایی "ئەن بی سی نیوز"ی ئەمریکی ڕاگەیاند، سروشتی ئەو هەڕەشانەی ڕوبەڕوی هەرێمی کوردستان دەبنەوە دەگۆڕێت، بەیە پێویستیان بە پشتیوانی زیاتری سیاسی و سەربازی و ئابوری هەیە.

ئاماژەی بەوەشکرد، هەرێمی کوردستان پێویستی بەو پشتیوانیانە هەیە، چونکە ئەو ئاڵنگاریانەی ئەمە ڕوبەڕویان دەبێتەوە زۆر جیاوازترە لە ئاڵنگارییەکانی سەردەمی جەنگی داعش، بەیە لەم کاتەدا چاوەڕوانی پشتیوانی زیاتر دەکەن لە ئەمریکا.

ئەوەشی خستەڕو، دەزانن کە ئەمریکییەکان وەک هاوپەیمان سەیری هەرێمی کوردستان دەکەن و بەردەوام پێیان وتون دەیانەوێت هەرێمەکی کوردستانی بەهێزتر ببینن، بەڵام پێویستە تێبگەن لەوەی کوردستانی

بەهێز بێ مانای چی دێت، پێویستە لە روی ئابوریی و سەربازی و سیاسییەوە بەهێز بن، وە بە دڵنیاییەوە توانایان هەبێت خۆیان لە هەڕەشەکان بپارێزن.

باسی لەوەشکرد، لەم دواییانەدا بە درێژی و موشەک هەرشکراوەتە سەر هەرێمی کوردستان، هەرچەکە توانای نییە بەرگری لە خۆی بکات دژی ئەو هەڕەشانە، بۆیە دەبێت پێویستیان بە پشتیوانی سەربازی زیاتر لە ئەمریکا، نەک لە روی زیادکردنی ژمارەی سەربازەکانەوە، بەڵکو لە رێگەی توانای سەربازییەوە.

مەسرور بارزانی رونیشیکردەوە، پێویستیان بەو پشتیوانییە سەربازییانەیە، تاوەکو هێزەکانی پێشمەرگە جگە لە بەرگریکردن لە خۆک، توانای بەرگریکردنی لە هەمو کوردستان هەبێت.